# جاش ناوێك هەمیشە ئامادە، هەمیشە ڕێك ، هەمیشە لەفۆڕمی سەردەمدا

سۆران مامە حەمە/کەرکوك

وشەی جاش تازە نییە، وجاشایەتیش نویٚ نییە ، هەر لەسەردەمی شێخ مەحموودەوە تا رۆژگاری ئەمرۆ جاش دەورێکی بالاٚی هەبووە ، بەلام جاش ئێستا فورم وستایلێکی دیکەی وەرگرتووە ، جاشەکان لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولدا و دواتر بۆلێدانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی ئەوسای ئێراقەوە دروست بوون ، جاشی ئەنفال ، جاشێکە جیاواز لە جاشی هەموو قۆناغەکان .. جاشی ئەنفال بیٚ ویژدانترین و بیٚ ئەمەکترین و حەرامزادەترین کەسانێك بوون کە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هاوشان لەگەلٚ بەرژەوەندی رژێمی بەعسی عەرەبی عیراقدا گرێداو بۆسرینەوەی نەتەوەیەك و دەرکەوتنی ئەوان وەك فیداکارو خاوەن نط شجاعة وقارەمان وشۆرشگێر ،جاشەکانی ئەنفال تاقم ودەستە وهێزو مەفرەزە وفەوجیان هەبووە ، ..جبەخانە وچەکی نویٚ وکەرەستەی جەنگییان پیٚ بووە ، پیاوی بەرەعییەت وخاوەن ناوو بوون وکەسوکاریان هەبووە،

دەکریٚ جاش لەهەموو کەس تاوانبارتربێت ، گەر جاش نەبوایە سەربازێکی زەلکاوەکانی بەسرە لەکویٚ دەگەیشتە ناوچەی گەرمیان وبلە وبەرزان ودۆلٚی جافەتی وبادینان؟؟

خویندنەوەی جاش ، خویندنەوەیەکی کاتی بەرژەوەند خوازی کورت بینانە بووە بۆیە هەر زوو لەناو کۆمەلانی خەلٚکدا بیٚ نرخ وبیٚ رێزکران بەئێستاشیانەوە.

پێم وایە جاشەکان هەریەکە وهۆیەکی هەیە بۆ جاشێتی وچەند جۆرێکن:

*ئەو جاشانەی لە پێشمەرگە یاخی دەبوون ولەلایەن شۆرشی ئەوساوە داواکراوو یاساغ بوون.

*ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان تەباو هاوتەریب بوو لەگەلٚ دەربەگایەتی ودیکتاتۆرییەتی بەعسدا ، کەئەمە پێچەوەنەی سیاسەت وبەرنامەی شۆرش بووە.

*ئەوانەی لەبەر هەبوونی سامانێکی زۆر وزەوەند لەزەوی داگیر کراوی هەژاران ومەرومالاٚت کە ترسی لەدەستدان یان قۆرغ کردنیانیان هەبووە لەلایە ن حکومەتەوە.

*ئەوانەی هیچ نەبوون ودەیان ویست لەرێی بەجاش بوونیانەوە ببنە خانەدان وخاوەن سامان.

* ئەوانەی کەلەترسدا دەبوونە جاش وحکومەت گومانی بەردەوامی لێدەکردن بۆیە ویستیان بەم کارەیان حکومەت دلٚنیابکەنەوە لە خۆیان.

بەداخەوەلەگەلٚ ئەمانەشدا کورد هەمیشە دەستی خیانەتکاری تیابووە ومێژووش ئەمە ی سەلماندووە، جگە لەوەی چەندین بەهانە وتەکنیکی تر هەبووە بۆ بوون بەجاش.

جاش لەسەردەمی ئەنفالدا دەستی لەئەتك کردنی کچ ودایکەکا نماندا هەبووە .. جاشی ئەنفال تاوانبارە بە بەفەرهوودبردنی سامانی نەتەوەیی وژێرخانی ئابووری کوردستان وتایبەتتر لادێکان ، هەروەها سوتاندنی ئەو گوندو شارۆچکانەی کوردستان ولە سێدارەدان وگرتن وکوشتن وجاسوسیکردن بۆ بەعس لەئەستۆی ئەمانە.

لەدوای را پەرینەوە جاش مالٚوێران وسەرگەردان وپەرتەوازە بوو ودەستیانکرد بەئاژاوەنانەوە ودزی وقاچاخچێتی ، لەبەرامبەر ئەمەدا هەردوو پارتی دەسەلاٚتدار بۆ کۆکرنەوەی خەلٚك لەخۆیان وبۆمونافەسەی حیزبایەتی هەستان بەجێکردنەوەی جاشەکان بەبیانووی لێبوردنی گشتییەوە وهەرچی بەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتیمانی هەبوو وەلایان نا کە لە90٪ی جاشەکانیان گرتە خۆیان وگەراندیاننەوە بۆ ناوکەسو کاری ئەنفالکراوەکان ومیللەتی کورد کە لەدوایدا بوون بە پیاوو دەسیسەی

خۆیان وهەر ئەوانیش بوون شەری براکوژییان هەڵگیرساند وبوون بەکاربەدەستی حکومەت وگەل..، هەر جاشەکانن خەریکی سەنگەر گواستنەوەو ئەملا وئەولا کردنن وبەدوای پاروی چەوردا دەگەڕێن.
گاڵتەشم بەو قسەیە دێت کە دەڵێن"هەندێ جاش هاوکاری خەڵکیان کردووە ولە پرۆسەی ئەنفالدا کوردیان دەرباز کردووە" چونکە ئەوانەی وا دەڵێن پیاوو کەسوکاری جاشەکان خۆیانن ، ئەگەر ئەو قسەیەش راست بێ ئەوا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ودەکرێ هۆکاری کۆمەلایەتیش هەبن نەك نەتەوایەتی ودڵسۆزی خاك وئاوی کوردستان ئەگینا باجاشایەتییان نەکردایەو بچونایەتە شاخ ، ئەوقسانە تەنها بۆ پەردە پۆشکردنی تاوانە زۆرو زەوەندەکانیانە دەرهەق بە نەتەوەکەی خۆیان سەرەرای ئەوەش خۆ کفر نیە لە 403فەوج و360موستەشار وزیاتر لە150هەزار جاشدا چەند کەسێك هەبن .
جاشی ئەمرۆ وان لەکوردستانی رۆژهەلات .. وان لە کوردستانی تورکیا وکەواسووری بەر لەشکری دوژمنن ودژی برا شۆرشگێرەکانمان دەجەنگن ودەبنە دەلیل و رێ نیشاندەری بنکە وبارەگاکانیان ، جاشی لای خۆمانیش ئەمرۆ لەبەرگی واستە چی وماستاوچی ومەراییی کەراندایە .. جاشی ئەمرۆ لە راگەیاندن ولەسەر نووکی قەلەمی پیاوەنەخۆشەکاندایە ، بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەباسەکەم نەدەم .. پێم وایە چەندە سەدام وعەلی کیمیاوی ونزار خەزرەجی و..هتد تاوانبارن سەد هێندە جاش تاوانبارە و دەکرا کورد ئەوەندەی هەوڵی بۆدادگایی کردنی سەرانی بەعس دەدات ، هێندەش کاری بۆ دانانی دادگاییەکی عادیلانە بکردایە بۆ لێپرسینەوە لە جاشەکان ،چونکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش هێندەی چاوەرێی لابردن ودوور خستنەوە و وەلا نانی جاش دەکەن لە دەسەلآت و حکومەت و حیزب ، نیو هێندە چاوەرێی دادگایی کردنی سەدام ناکەن .. سەدام کەسێکە مەگەر بەس لەtvی وروپەری رۆژنامەکانەوە ببیننو دەزانن پەتکراوە وچارەنوسی مەرگە ، بەلام جاشەکان لەسەر جادە ولەنێو کۆر وکۆبونەوە وکورسی دەسەلاتدان ودەمراست و دەم سپی میللەتن .

سەرچاوە:
جاش وئەنفال ، لەتیف فاتیح فەرەج
ژمارە40ی گۆڤاری لڤین